# یەکبوون

YEKBUN

UNITED کوردستان KURDISTAN

کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراوە

خەرمانانی : ٢٧١٥ — یەکبوون ژمارە : ٦٥ — August : 2015




# کورد و بنەماکانی دەوڵەت - نەتەوە

**شەماڵ میرزا**

نەتەوە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی مۆدێرنیتە و بەرهەمی فکری ڕۆژئاوایە. لە دوای شۆڕشی فەڕەنسا، نەتەوەگەرایی وەکوو داینامۆی سەرەکیی پێکهێنانی دەوڵەت،



لاپەڕەیەکی نوێی لەسەر سیستمی بەڕیوەبەرایەتیی سیاسیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەڵدایەوە و زۆر بە زوویی، تەشەنەی کردە سەرتاسەری جیهان و بوو بە هۆی لەدایکبوونی دەوڵەتی-نەتەوەیی لە سەر گۆی زەوی. لە پاش پرۆسەی دی-کۆلۆنیزاسیۆن، زۆربەی هەرە زۆری گەلانی جیهان دامەزراندنی دەوڵەتیان نەتەنیا وەکوو ئامرازێکی ڕزگارکەر بەڵکوو وەکوو سیستمێکی نوێی بەڕێوەبەرایەتی، خستە بەردەم کۆمەڵگای خۆیانەوە و ئەو سیستمە وزە و هێزی خۆی بە پێچەوانەی سیستمەکانی پێشووتر، کە بە خوا و شاوە دەبەستەوە، ئەوجارە بە هێزی نەتەوەوە بەستەوە. واتا نەتەوە وەکوو هێزێکی بەرجەستە، جێگای سەرەکیی هێزی شاراوەی خوای گرتەوە. ئەوە وەکوو قەڵەمبازێکی مێژویی لە پێشڤەچوونی مرۆڤ دێتە هەژمار. جێگورکێیەکی وەها لە هزری مرۆڤدا بو سەرچاوەی هێز دەگەڕێتەوە بو دەستپێکی ئەو شورشە هزریەی کە لە ڕنسانسەوە هاتبو کایەوە. ڕێنسانس دروازەیەک بو بەڕووی مرۆڤدا کە لە هەموو شتێک و لەوانە لە سەرچاوەی هێزی شا و خودا بپرسێتەوە.

لە ڕۆژهەلاتی ناوینیش دیاردەی دەوڵەت - نەتەوە هەر لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی گەشەی کرد و و زۆرێک لە دوڵەت-نەتەوەکانی ئەو بەشە لە جێهانیش لە سەر کەلاوە ڕووخاوەکانی ئەو ئیمپراتۆرییە دامەزران. بە بەراوەردکردن لەگەڵ ئەورووپا، دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات پتر لە ١٣٠ساڵ درەنگتر لە ڕۆژئاوا پێک هات. دیارە وەدرەنگکەوتنی دیارەدەی دەوڵەتی-نەتەوەیی لەو بەشەی جێهان لە پاڵ هەندێک هۆکاری تر، دەگەڕێتەوە بو دەستبەرنەدانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەو باوەڕەی کە پێی وابوو سەرچاوەی هێز تەنیا لای خوا و شایە و هزری خۆ بە ناوەند گرتن وەکوو سەرچاوی دەسەڵات و بڕیار تا ئەو کات نەبۆتە گوتاری زاڵ بە سەر هزری تاک و کۆمەڵدا و بە واتایەکی تر ڕێنسانسێکی ڕۆژهەلاتی ڕوینەداوە. لە ناو ئەو ئاڵوگورە هزری و سیاسییەدا کە جیهان و لە پاشان ناوچەی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە، هزرەی مرۆڤی کورد نەیتوانی خۆی لە بەستەڵەکەی خێڵ و بنەماڵە و شێخ، کە ڕەنگدانەوە و فورمی چکوڵەی هێزی شا و خوایە، ڕزگار بکات.

بەم جۆرە چەمکگەلی دەوڵەتی - نەتەوەیی، نەتەوە، و ناسنامەی فەرمی کە هەر هەموویان مۆرکی ڕۆژئاوایان پیوەبوو و لە پێشخانی دوور و درێژی مێژویی، سیاسی و ئابووریی تایبەت بە ڕۆژئاوا بەهرەمەند بوون، لە ڕۆژهەڵاتیش بە بێ بوونی ئەو پێشخانە دەوڵەمەندە، هاتنە بەر باس و بناغەی دوڵەت-نەتەوەیان یەک لە دوای یەک لەسەر دامەزران و کورد لە نەبوونی هێزی دەربازبوون لە چەقی شا و خوا و میر، لە گەلانی دەوروبەری خۆی وەدوا کەوت. دیارە پرۆسەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین سەرەڕای بەرپابوونی بە پرۆسەیەکی ناتەواو دەزاندرێ. بەردەوامبوونی شەڕ و ململانێ سیاسییەکان و لە ئەنجامدا ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری لە زۆربەی وڵاتانی دەرەوەی ڕۆژئاوا، هێندیک جار وەکوو پاساوی پشتڕاستکەرەوە بۆ بۆچوونی "دەوڵەتی نەتەوەی ناتەواوە" دێتە هەژمار. بویە هەر هەڵسەنگاندن یا خود شیکردنەوەیک لە دەرەوەی پانتای شرۆڤەی ڕۆژئاوایی چەمکگەلی پەیوەست بە دەوڵەت-نەتەوە، شرۆڤەیەکی ناڕاستە. لە هەمان کاتدا، لە گەڵ ئەوەیکە ئەو چەمکانە هیچیان مافی ڕۆژهەڵاتیان پێوە نییە، ئەوە بەو مانایە نایە کە ناکرێ چەمکی دەوڵەت-نەتەوە وەکوو ئەوەی لە ڕۆژئاوا لە ئارا دایە بگوازرێتەوە دەرەوەی ئەو جوغرافیایە. هەر وەک چۆن چەمکگەلی دێموکراسی و مافی مرۆڤ، سەرەڕای سەرهەڵدانیان لە ڕوژئاوا بوونەتە موڵکی مرۆڤایەتی؛ دەکری ئەو چەمکەش بگوازرێتەوە دەرەوەی ڕۆژئاوا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەویکە کورد نەیتوانیوە دەوڵەت پێکبێنێ، سرنجدان بە چۆنییەتی پێکهاتەی چەمکی نەتەوەی کورد، بەو پێیەی کە نەتەوە، یەکێک لە چەمکە هەرە زەق و پەیوەستەکانی سیستمی دەولەت-نەتەوەیە، گرینگی تایبەتی هەیە. نەتەوە جەوهەری ڕاستەقینەی چەمکی دەوڵەتی مۆدێرنە. مەبەست لە جەوهەریبوونی نەتەوە بە مانای زاتگەرابوون بەو چەمکەوە نییە بەڵکو مەبەست بە بنەماگرتنی ئەو چەمکەیە لە گوتاری دەوڵەتی نەتەوەییدا. نەتەوە لێرەدا دەبێتە ئەو ئامرازەی کە دەوڵەتی لە سەر بینا دەکرێ بەڵام ئەوەی نەتەوە ئاوا دەکات ناسنامەیە کە ناسیۆنالیسم وەکوو فکرێکی سیاسی، مکانیزمی سەرەکیی دروستکردنییەتی. مەبەست لە دروستکردنی ناسنامە،






بێ شوناس و یاخود بێ کولتووربوونی کومەڵە مرۆڤ نییە بەڵکوو بوونی ئەو شوناسانە و بە سیاسیکردن و یاخود بە فەرمیکردنی ئێلێمێنتە کولتووری و زمانییەکەی کومەڵە مرۆڤیک لە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی دیاریکراوە. ناسیۆنالیسم ئەو فکرە سیاسییەیە کە هەموو شتیک لە بازنەیەکی جوغرافیای دیاریکراودا ڕەنگ و بۆنی سیاسی پێ دەبەخشی و پێی دەڵێ وڵات و نیشتمان. لەو تێروانینیەدا نەتەوە وەکوو چەمکێکی سیاسی، لە ئەساسدا بوونی نییە و ئەوە ناسیۆنالیسمە کە وەکوو شەپۆلێکی سیاسی، بەرگێکی سەرتاپا سیاسی بە بەری کۆمەڵگادا دەکات و کولتوور، زمان داب و و نەریتی کۆمەڵگا بە سیاسی دەکات. ئینجا ناسیۆنالیسم ڕۆڵی لۆکۆمۆتیڤی کۆمەڵگا بو ئاواکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەگێڕێ. ناسیۆنالیسم هەتا بەهێزتر بێ، ئێلێمێنتە کولتوورییەکان بایەخ و گرانیان زیاتر دەبێ وە لە حاستێکدا زۆرێک لەو ئێلێمێنتانە وەکوو ئالا،خاک، سروودی نەتەوایەتی، موقەدەس دەکرێن و بگرە جێگای دین دەگرنەوە. لەگەڵ بێهێزبوونی ناسیۆنالیسم لە سەردەمی ڕزگاریی نەتەوەییدا، بە هەمان شێوە ئێلێمێنتە کولتوورییەکانی "گەڵ" لە چوارچێوەی کۆدا، کاڵ دەمێننەوە و هێزی زاڵبوونیان بە سەر هزردا کەم دەبێتەوە و پردی نێوان فاکتۆرە کولتوورییەکانی نامێنی. بۆ وێنە ئەوە ناسیۆنالیسم بوو کە ئیتالیایی و فەڕەنسی دروست کرد و پاشان ئیتالیا و فەڕەنسایان لە سەر بنیاد نا.

لە چوارچێوەیەکی جوغرافیای تایبەتی وەکوو کوردستاندا، ئەگەرچی ئێلێمێنتەکانی زمانی و کولتوور تێدایەوە و لەگەڵ پێوەرە بەرچاوەکانی تاریفکراو لە لایەن هابس باوم؛ بێنێدیکت ئەندێرسۆن و ئانتۆنی سمیتەوە کە پێیان وایە نەتەوە ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە کە مێژوی هاوبەش، سەرزەوی هاوبەش، ئابووری هاوبەش، هەستی هاوبەش و ناسنامەی هاوبەشیان بە یەکەوە هەیە" بەڵام پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو ئێلێمێنتانە چەندە بە سیاسی کراون کە بە پێوەرە تیۆریکییەکان نەتەوە پێک دێنن بەڵام تواناى پێکهینانی دەوڵەتی-نەتەوەیی تێدا نییە. یاخود هۆی بەسیاسینەکرانی ئەو ئێلێمێنتە کولتووریانە کامانەن؟ بۆچی ناسنامەی هاوبەش دروست نەبووە؟ هۆکارەکان چین؟

ناسیۆنالیسم نەیتوانیوە کوردایەتی کە چەمکێکی سیاسییە بکاتە گوتاری زاڵ بە سەر گوتاری بنەماڵە، عەشیرە، و تایفەدا؛ ئەوش دەگەڕێتەوە بو ئەویکە ناسنامەی نەتەوایەتی وەکوو کەرەسەی پێکهێنەری نەتەوە و نەتەوەش وەکوو بەردی بناغەی دەوڵەتی-نەتەوەیی کوردی، لە ناو تاک و کۆمەڵی کورددا گەشەی نەکردووە.

بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارانە، پرسی ناسنامەی هاوبەش گرینگیی تایبەتی هەیە. ناسنامەی هاوبەش وەکوو کۆکراوەی هەموو خاڵە هاوبەشەکانی کۆمەڵە مرۆڤ، یەکێکە لە گرینگترین بنەماکانی نەتەوە. ناسنامە، کۆکراوەی خاڵە هاوبەشەکانە کە نەتەوە پێناسە دەکات و بەم هۆیە کە فاکتۆرە سەرەکییەکانی پێکهاتەی چەمکی نەتەوە وەکوو زمان، کولتوور، داب و نەریت، ساختارییە و لە پرۆسەیەکی زەمەنی و زیهنیدا دروست دەبێ، بەو پێیەش دەتوانین نەتەوەش وەکوو چەمکێکی ساختاریی پێناسە بکەین. هەر چەند سمیت بەتەواوی لەگەڵ ساختاریبونی هەندێک لە پێکهاتەکانی چەمکی ناسنامە نییە و پێی وایە بەشێک لەو چەمکانە گرێدراویان بە زەمەنە کونەکانەوە هەیە، هیچ پەیوەندیان بە مۆدێرنیتەوە نییە. بە باوەڕکردن بە ئەوەیکە نەتەوە چەمکێکی ساختارییە و ناسیۆنالیسم میعماری ئەو پێکهاتەیە؛ لە نەبوونی دەوڵەتی - نەتەوەییدا دەکرێ بەو ئەنجامە بگەین کە بزوێنەری پەیوەستکردنی ئێلێمێنتە کولتووریکان واتا ناسیۆنالیسمی کورد نەیتوانیوە ئەو میعمارە بێ کە ئێلێمێنتەکانی شوناسی کوردی بە یەکەوە گرێ بدات و نەتەوەی پێ دروست بکات.

نەتەوەی کورد ئەو شوناسە بڵاوەیە کە لە نەبوونی میکانیسمی بەیەکەوە گرێدانیدا نەتواندراوە ناسنامەی نەتەوایەتی، کە چەمکێکی سیاسیە دروست بکات و ئەو ناسنامەیە وەکوو چەمکێکی ئێتنیکی ماوەتەوە. بە واتایەکی تر ناسیۆنالیسم نەیتوانیوە کوردایەتی کە چەمکێکی سیاسییە بکاتە گوتاری زاڵ بە سەر گوتاری بنەماڵە، عەشیرە، و تایفەدا؛ ئەوش دەگەڕێتەوە بو ئەویکە ناسنامەی نەتەوایەتی وەکوو کەرەسەی پێکهێنەری نەتەوە و نەتەوەش وەکوو بەردی بناغەی دەوڵەتی-نەتەوەیی کوردی لە ناو تاک و کۆمەڵی کورددا گەشەی نەکردووە.

لە ڕاستیدا، ناسیۆنالیسمی کورد ڕەنگدانەوەی چەندین دەربڕینی کوردانەیە کە هەر یەکە و بە ناسنامەکەیەوە گرێ دراوە. ناسنامە لێرەدا مەبەست شوناسی ئێتنیکی نییە بەڵکو مەبەست لە ناسنامەی نەتەوەییە، ئەو ئێلێمێنتە ئێتنیکیانەیە کە لە پرۆسەیەکی سیاسیدا دەبنە ماف و ناسنامەی نەتەوەییان پێدەگوتری کە ڕاستیدا بەردی بناغەی ناسیۆنالیسم پێک دەهێنن و تا ئەو کاتەی ئەو ئێلێمێنتە ئێتنیکیانە لە کۆمەڵگادا نەبوونەتە ئامرازێکی سیاسی و بەسیاسی نەکراون ناسیۆنالیسمی ئەو کۆمەڵگایە، ناسیۆنالیسمێکە کە ناتواندرێ پیناسەیەکی تەواوی بو بکرێ یا خود بە سەر چەندین ناسیۆنالیسمدا دابەش دەبێ. ناسنامەی نەتەوایەتی ئەو ناسنامەیە کە بە زمانی ساکاری کوردی پێ دەگوتری "کوردایەتی". بێ ناسنامەیی نەتەوایەتی، ناسیۆنالیسم وەکوو پەیکەرێکی بێ چوارچێوە وایە. ناسیۆنالسیم بۆ کورد ئەگەرچی ڕۆلی ڕزگارکەری

نەبینیوەبەڵام یەکێک بووە لە ئامرازە هەرە گاریگەرەکان بۆ مانەوەی وەکوو کۆمەڵە مرۆڤیک بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە.
"بزوتنەوەی ناسیۆنالیسمیی کورد"، هەرچەندە بانگەوازی ئەوەی بۆ دەکرێ کە هەیە بەڵام لە ڕاستیدا درێژکراوە و یاخود بە مۆدێرن کردنی سیستمی عەشیرە، تایفە و بنەماڵە لە کوردستانە کە نەیتوانیوە خۆی لە چوارچێوەی تەسک و لولاڵەکان ڕزگار بکات.

لە مەڕ کورد، ناسنامەی نەتەوەیی وەکوو چەمکێکی سیاسی، یەکیکە لە ئاڵۆزترین چەمکەکان. ئەو چەمکە سەروکاری هەمو ڕۆژیی لە گەڵ ناسنامە تاک لە سایکۆلۆژیدا و ناسنامەی ئێتنیکی/نەتەوەیی لە کۆمەڵناسی و ڕامیاریدا هەیە. بەڵام بە گشتی دروستبوونی ناسنامەی تاک و کۆمەڵ لەگەڵ هێندێک جیاوازیدا بە ئاقار و ئاراستەیەکدا تێپەڕ دەبن، ئاراستەی دروستبوونی هەر دووکیان لە سەر بنەما و بناغەی "من"/"تو"؛ "ئیمە" و "ئیوەیە". پەرتەوازەیی ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد وەکوو چەمکێکی سیاسی واتا بەرجستەنەبوونی "من" لە بەرابەر "ئەوان" وەکوو هێز وایە.

لە پرسی ناسنامەدا، "ئیمە" بە بێ شرۆڤەی "ئیوە" بی مانایە و تاکوو "ئیوە" نەبن "ئیمەش" واتا پەیدا ناکات. بە قەولی 'دێریدا' هیچ ناسنامەیەک بە بێ بوونی "ئەو" یا خود "ئەوان" بوونی نییە. ئەو بەراوەردکردنە نەتەنیا باس لە جێاوازیی نێوان کۆمەڵە مرۆڤەکان دەکات بەڵکوو کەرەسەیەکە بۆ دەربڕینی ناسنامە و شوناس و لەڕاستیدا بۆ دەربڕینی هێز و باوەڕ بە "خود" . شوناس و ناسنامە بێگومان هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندییە و هەر ئەو پێوەلکانی تایبەتمەندییە کە تاک یا کۆمەڵێک مرۆڤ لێک جیادەکاتەوە یا خود بە یەکەوە دەیانلکێنی و بەیەکەوە گرێیان دەدات؛ لە هەمانکاتدا زۆرێک لەو پێوەلکاندنانە لەوانەی لکاندنێکی ڕاستەقینە نەبێ بەو مانابیە بە فەرز ئەگر ڕەنگی پێست یا جیاوازیی جەستەیی نێوان ژن و پیاو سەرچاوەیەکی سروشتی بێ بۆ جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان، پێوەلکاندنی تایبەتمەندی عەقڵ و مەعرەفەت بە ڕەنگ یا جنسێکی تایبەتەوە پێوەلکاندنێکی ناڕاستە و شۆڤێنیستیانەیە بەڵام ناسیۆنالیسمی مەدەنی بە کێشانی هێڵێک لە نیوان "من" و "ئەوان"دا بە بێ پێوەلکاندنی تایبەتمەندی نیگەتیڤ خۆی لە ئەوان جیا دەکاتەوە و ئەو جیاکردنەوە لەهەمانکاتدا بەرزکردنەوەی هێمایەکە بۆ دەربڕینی هێز و ئیرادە. بەلام دەربڕینی ناسیۆنالیستی کاتیک بە لاڕێدادەچی کە جیاوازیە جەستەیەکان لە پرۆسەیەکی هێژموونیگەرایانەدا و لە سەر ئەساسی دیسکۆرسێکی نادروست هەڵدەگەڕێنەوە و دەبنە سەرچاوەیەک بۆ سەروەری و ئەو سەروەرییە بە سروشتی دەبیندرێ. لێرەدا کاتێک باس لە جیاوازێکان دەکەین مەبەست ئەو جیاوازیانە نییە کە لە ڕەنگ و وێکچوونی جەستەییدا دەبیندرێ بەڵکوو مەبەست ئەو جیاوازیانەیە کە پێکهاتەیین و سروشتی بوونیان ناسەلمێندرێ ، وکوو ئەوەی کە لە دەربڕینێکی ڕەگەزپەرەستانەدا بگوترێ "ڕەش پیست عەقڵیان کەمترە"، لێرەدا ڕەش لە وشەیەکی ویشک و خاڵی دێتەدەر و لە گوتارێکی هێژموونیگەرایانەدا دەبێتە ئامرازی باڵادەستی، گوتارێک کە کۆلۆنیالیسم و ڕەگەزپەرەست بۆ سەلماندنی سەروەری خۆی دەکاری دەکرد. "ئیمە جولەکەین و قەومی هەڵبژاردەی خوداین" دەستەواژەیەک کە جولەکە بو سەلماندنی سەروەری خۆی دەکاری دەکات، یا خود دربڕینێکی ڕەگەزپەرەستانە یا دەربڕینێکی جنسیەتگەرایانە کە لە ویدا نێر و مێ جودا لە تایبەتمەندییە بایۆلوژی و جەستەیی، تایبەتمەندی ناڕاستیان دەخرێتە پال. "موسوڵمان بەهەشتیە" چەمکێکی کە مرۆڤی موسوڵمان بۆ سەلماندنی خۆی دژ بە ئایینەکانی تر لە کاری دەکات بەڵام دەربڕینی "ئیمە نەتەوەیەکین و خاوەن زمان، کولتوور، ئایینی تایبەت بە خۆمانین" دەستەواژەیەک کە ناسیۆنالیسم بو جیاوازی خۆی لەگەڵ گەلانی تر و لەهەمانکاتدا بۆ باوەڕبوون بو "خۆ" دەکاری دەکات.

لە کاتێکدا بایەخ و بەهای چەمکگەلی باڵادەستیی جینسی، ئایینی و ڕەگەزی لە حاستێکی هەرە زۆر لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا کەوتوونەتە ژێر پرسیار و ڕەخنەوە بەڵام ناسیۆنالسیم سەرەڕای وێکچونی لەو چەمکانەی سەرەوە، هەتا ئێستاکەش وەکوو چەمکێکی سیاسی هەیمەنەی خۆی لە جیهانی سیاسەتدا لەدەست نەداوە و بەردەوامی و بەهێزبوونی دەوڵەتی-نەتەوەیی لە سەرتاسەری جیهان بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە. هۆکارەکانی لەدەستنەدانی بایەخی ناسیۆنالیسم یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە ناسیۆنالیسم هۆیەکە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵە مرۆڤ لە دەوری یەک بۆ مەبەستێکی تایبەت، ئەو کۆبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ ڕاستی و سروشتی مرۆڤ کە بوونەوەرێکە و پێویستی بە هەستکردن بە گرێدراوی هەیە، لە تەبایی دایە. مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لە ناو ئەو چوارچێوەیەدا لایەنە شاراوەکانی مرۆڤ گەشە دەکات؛ دوهەم ئەوەیکە ناسیۆنالیسم کەرەسەیەکی گرینگ بووە بۆ گەلانی ژێردەست تاکوو خۆیان لە دەست کۆلۆنیالیسم ڕزگار بکەن، بزوتنەوە دژە-کۆلۆنیستییەکان لە سەرتاسەری جیهان بە بزوتنەوەی ناسیۆنالسیمەوە گرێدراو بوون و ناسیۆبالیسم ڕۆڵی ڕزگارکەرانەی بۆ گەلان گێراوە بۆیە زۆر جاران، ناسیۆنالیسم وەکو دینێکی سێکۆلاری ڕزگارکەر ناوزەد دەکری.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی : ١٠ای ئاگوستی ٢٠١٥

# نەتەوەی کورد لەسێبەری پێناسەیەکی جیهانی

ژیلا مستاجر

هەستی شانازی کردن بۆ هەر تاکێک لەسەر هەمو بابەتەکان پێناسەیێکی تایبەت بەو کەسە ی هەیە، هەر بۆیە دەڵێین شانازیکردن روانگەییکی تاکە کەسی هەیە و چەمکێکی نیسبیە.



شانازی کردن لە هەمو فەرهەنگەکاندا بەمانای حاڵەتێکە کە مرۆڤ لە بەردەوامی و بە درێژایی ژیان بە هۆی سەرکەوتنەکانیەوە کە خۆی یەکێک لە وەدیهێنەرەکانی بوەو راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ بەشداری لەو سەرکەوتنە کردووە، شرۆڤە دەکرێت.

دەتوانین بڵێین کە زۆر جار مرۆڤ گەورەیی کەسایەتی خۆی بە ژمارەی شانازیەکانی و هەروەها بە جۆر و مەزنی شانازیەکانی دادەنێت کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی و چەندیەتی بابەتی شانازیەکەی، بۆ نمونە دەتوانین بڵێن وەرزشوانێکی نێو دەوڵەتی شانازی زۆرتر بەخۆی دەکات لە وەرزشوانێکی نێوخۆیی وڵاتەکەی یان مامۆستایەتی لە زانکۆیێکی ئاست بەرزدا شانازی زۆرترە لە مامۆستاییکی قوتابخانەیێکی بچوک. هەرکام لەمانەش بەپێی نرخێک وەدی هاتوون کە نەفەر بۆی داوەو بەو ئاستە گەیشتووە بویە هەرتاکێک مافی هەیە بە داراییەکانی خۆی چ مادی و چ مەعنەوەی فەخر بکات.

لە روانگەیی دەروونناسیشەوە زۆر بە قازانجی مرۆڤە کە لانی کەم جار جار هەمو دەسکەوت و داراییەکانی هەڵبسەنگێنێت و بزانێ کە لە بارودۆخی ئێستای دا چ فاکتەرگەلێک دەتوانن پێناسەی شانازییەکانی بکەن.

سروشتیە کە کات و شوێن دەتوانێ ئەو هەستە لای مرۆڤ بگۆڕێ و پێویست نەکا لەسەر بابەتێک کە پێشتر مانۆرمان لەسەر دەدا، سوور بین و چیدی بارودۆخ بۆ جۆری شانازی ئێمە لەبار نەبێت، بۆنموونە دەتوانین بڵێین کە پێشتر ئێمە بە تەواو کردنی قۆناغێک لە خوێندن شانازیمان دەکرد،ئێستا شانازی لەوەدایە کە خوێندن کۆتایی نایێ و ئەوکەسە کە هەر لە خوێندن و برینی قۆناغەکان بەردەوامە شانازی کردنی زیاتر لێ دەوەشێتەوە.


بە باس کردنی هەستی شانازی کردن دەمهەوێ بابەتێک بووروژێنم کە وەکو هەمیشە کورد و تاکی کورد لەوانەیە لە نەتەوەکانی دیکە جیا بکاتەوە.

## شانازیکردن بە نەتەوە

نەتەوە وشەییکە بە کۆمەڵێک مرۆڤ کە فەرهەنگ و مێژوو زمان و نیشتمان و هەروەها دەوڵەتێکی هاوبەشیان هەیە یان دەیانهەوێ دەوڵەتێکی هاوبەش دروست بکەن دەوترێ .

کورد وەکو هەمو نەتەوەکانی دیکەی جیهان لە پێناسەی سەرەتایی نەتەوە دەردەچێت و بە نەتەوە دەناسرێت. (جیا لە بیری دەوڵەتانی داگیرکەر)
لە جیهان بینێک دا کە لەوانەیە لە لایەن ئەو نەتەوانە وە کە هیچ کات لە مێژووی خۆیاندا بەرەورووی هیچ ئاستەنگ و بەگشتی ستەمی داگیرکەر نەهاتوون، باس کراوە، دەوترێت کە شانازی کردن بە نەتەوە شتێک جیا لە دواکەو تووی نیە.

ئەمە لە حالێکدایە کە ئێمە(کورد) ساڵەهای ساڵە و بە بەردەوامی شانازیمان بە نەتەوەی خۆمان کردووە و هەردەم کورد بوونی خۆمان کردووەتە لکی چاوی دوژمنان.






لەهەر بەشێکی کوردستانی داگیرکراو و هەرێمی کوردستان دا ئەگەر بمانهەوێ پرسیار لەسەر ئەم حاڵەتە بکەین بە دڵنیاییەوە خەڵکی کورد لە رادەبەدەر بە کورد بونی خۆیان شانازی دەکەن و هەروەها بەردەوام ئەم شتەمان لە راگەیاندنەکان دا بۆ جیهانیان سەلماندووە.

لەم حاڵەتەدا پرسیار دێتە پێش کە ئایا نەتەوەی کورد دوا کەوتووە؟

ئایا نەتەوەی کورد بەم بابەتەوە نابێتە گاڵتەی دەستی پێشکەوتوانی بواری فیکری و فەلسەفی و سیاسی جیهانی؟

دەزانین کە هیچ مرۆڤێک پێش لە دایک بوونی تەنانەت تا ماوەییەکی زۆر دوای لەدایک بوونیشی مافی هەڵبژاردنی نیە،مرۆڤ ناتوانێ هەڵبژێرێت چ کات و ساتێک،لەچ شوێنێک یان لە چ بنەماڵەییەک و نەتەوەییەک لەدایک ببێ بۆیە دەڵێن کە شانازی کردن بە هەرکام لەم چەمکانەوە شتێکی بێ مانایە و کەسانێک لەباری فکریەوە دواکەوتوبن کاری وا دەکەن بۆ نمونە ئێمە شانازی بە ڕێکەوتی لە دایک بوونمان بکەین لەوانەیە زۆربەی هاوڕێیانمان بە کەسێکی گەمژە ناومان ببەن.

بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ئێمە(کورد) وەکو هەمو نەتەوەکانی دیکە خاوەن جیهانبینییێکی تایبەت هەین و زۆر جار کە هەل رەخساوە دەرمانخستووە کە شانازی کردن بە ئەو چەمکانەی کە خۆمان لە هەڵبژاردنیان بەرپرسیار نین،شتێکی هەڵەیەو بەردەوام رووی تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگیمان تێکەڵاو بوونی هەردەم زۆرتر لە گەڵ نەتەوەکانی تری جیهان دا بووە و سەلماندوومانە کە گەلی کورد بەهیچ شێوەیێک نەیویستووە کە خۆی بە گەورەتر و لێهاتوتر لە نەتەوەکانی تر دابنێت.

کەوابو لێرە لە بیر و کرداری کوردان دا ناتەباییێک هەیە ...

کورد لە سەراسەری مێژووی پڕ لە فەراز و نشێوی خۆیدا بە سەدان جار ژیانی تاڵی ژێردەستی داگیر کەری ئەزموون کردووە،هەستاوەتەوە و داوای مافی خۆی کردووە،بۆ وەدیهێنانی مافەکانی دەستی داوەتە چەک،شەری کردووە، مافی وەر گرتووەتەوە، دیسان مێژوو دووپات کراوەتەوە و بە جۆرەهای جۆر خیانەتی لێ کراوە وبەردەوام لەیەک پارچەییەوە لەت لەت کراوەو کەوتووەتەوە دەستی داگیرکەران و قەد کۆڵی نەداوە و ژێر دەستە بوونی پێ قەبووڵ نەکراوە، بۆیە گڕی خەباتی ئازادی خوازانەی بەردەوام بەتین بووە.
کەم نەتەوە دەتوانن داواکەری ئەوە بن کە هاوچەشنی مێژووی کوردەکانیان ئەزموون کردووە.

خۆراگرتنەکانی کوردان لەمەرِ ستەمی داگیرکەران کە بە شێوازگەلی جۆراو جۆر روبەرویان دەکرێتەوە ئەگەر جێگای شانازی کردن نەبن،بە جورئەتەوە دەتوانین بڵێین کە بێ ئینسافی مان کردووە.

نەتەوەیێک کە بەهەمو تواناکانیەوە لەبەرابەری داگیرکەرەکەیدا خۆی لە لەناوچون دەپارێزێت ئایا دەمانهەوێ ئەو هەستە کە زۆرجار دەبیتە هۆی وره بەرزی لە ژێر ناوی رۆش نبیری لێی ووەر گرین.

هەموان دەزانین کە داگیرکەرانی کوردستان بەهەمو توانایی نیزامی و فەرهەنگی وفیکری خۆیەوە ویستوویە ودەیهەوێ کە کورد بتوێنێتەوە بۆ نمونە بەشێوەی ئاسیمیلاسیۆنی زمانی،زمانەکەی لەناو ببات و دەبینین کە کوردان بەهەمو هێزە بچوکەکانیانەوە هەوڵ دەدەن بۆ پاراستنی هەمو ئەو فاکتەرانە کە پێناسەی نەتەوە بونیانە.

نمونەی هەرە گرینگی ئەم حاڵەتە، دەتوانین بە دڵ فروانیەوە ئاماژە بە بەرخودانی کوردان لە رووبەرو بوونەوەی لەگەڵ دەولەتی خەلافەتی ئیسلام دا واتە داعش بکەین کە بە گیانبازی هەزاران مرۆڤی کورد لە چەند بەشی کوردستانە وە و هەوەها بە بەشداری هەمو کوردەکان توانیویانە بەرگری لە خاک و نیشتمانی خۆیان و نەتەوەکانی دەورو بەریان بکەن.ئەمە ئەرکێکی نیشتمانیە، بەڵام زۆر کەس لێی هەڵ دین ،کەسانی ترهەڵی دەبژێرن و ئیمە مافمان هەیە لەسەر هەڵبژاردنەکانمان بە خواستی خۆمان شانازی بکەین.

ئایا دەتوانین ئەو مافە ڕەوا نەبینین؟

راستە کوردەکان خۆیان هەڵیان نەبژاردووە کە کورد بن بەڵام بە درێژایی مێژوو خۆیان هەڵیان بژاردووە کە کورد بمێنن و لە پێناو کورد مانەوەیان سەدان جۆرە هەزینەیان داوە،خوێن رژاوە و خەباتی سووریان بۆ کردووە.

ئەم چەمکە یەکێک لە دیارییە کانی داگیرکەرانە کە لە راستیدا بە هاتن و بوونی ئەوان لە فەرهەنگی کورد دا دروست بووە،دەنا ئەگەر لە کوردستان داگیر کەر نەبێت،کوردەکان بە ئازادی بژین و بتوانن جگە لە پاراستنی نیشتمان و پێناسە نیشتمانیەکانیان،بیر لە پێشکەوتن و دەرفەتی ئەوەیان ببێ کە خۆیان لە بوارەکانی دیکەی ژیان دا پەروەردە بکەن و تواناکانیان وەدەر بخەن ،بە دڵنیاییەوە شانازی بە هەڵبژاردەکانیان و سەرکەوەتنەکانیان دەکەن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی : ١٠ای ئاگوستی ٢٠١٥

# دادپەروەریی مێژوویی: دەوڵەتی کوردی هەر ئێستا

مۆردخای کیدار

و: لە عەرەبیەوە: ئەکرەمی میهرداد

کورد هەموو مافێکی هەیە بۆ ڕاگەیاندنی دەڵەتی سەربەخۆ. کە خاوەنی دەوڵەت نییە واتە چەوسانەوەی زۆری لەسەرە و کارەساتێکی مێژوویی و بێدادیی بەسەردا سەپێنراوە.



سنوری زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی لە خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بەشێکە لە ئەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، و لەسەر میرات و وێرانەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی ئەو سنوورانە بۆ ئەم دەوڵەتانە دروستکراون و بەپێی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و هەندێک لە هاوپەیمانەکانیان سنوورەکان دیاریکران.

سایکسی ئینگلیز و پیکۆی فرەنسی سەربەخۆیی و دەوڵەتیان بۆ دوو کۆمەڵی دیکەی نائیسلامیش دروستکرد: دەوڵەتێکیان بۆ جولەکە دروستکرد، کە دیاریی بەریتانیا بوو بە پێی پەیمانی بەلفۆر، کە دروستکردنی قەوارەیەکی نیشتمانی بوو بۆ جولەکە. دەوڵەتی لوبنان یشیان بۆ مەسیحیەکان لە باکوری ئیسرائیل دروست کرد و لەلایەن فەرەنساوە پشتیوانی دەکران و لە سوریایان جیا کردەوە.

ئەو سەردەمە بزوتنەوەی زایۆنی چالاک و کارا بوو، و نەخشی کاریگەریشی هەبوو لە جیهانی ژێردەستی بەریتانیا و فەرەنساش هاوسۆز بوو لەگەڵ مەسیحیەکان و ترسی هەبوو وەکو کەمایەتیەک لە ناو زۆرینەی ئیسلامەکاندا بن، و بۆیە هەردوکیان مافەکانیان پێدرا و دەوڵەتیان بۆ دروستکردن.

ئەم دەوڵەتانە هەموویان لەدوای دارمانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دروستکران، بەڵام کۆمەڵێکی دیکەی نەتەوەیی، کە کوردەکان بوون بەبێ دەوڵەت مانەوە و لەجیاتی دەوڵەتیش لەنێوان چوار دەوڵەتی تورکیا، سوریا، عێراق و ئێران دا دابەشیان کردن.

هۆکاری سەرەکی بێبەش کردنی کورد لە دەوڵەت نەبوونی رێکخراوێکی سیاسی کوردی بەهێز بوو، کە نوێنەرایەتیان بکات و لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش لەناو ئوروپادا پشتیوانیان بۆ پەیدا بکات، ئەمانەش سەرباری ئەوەی کە هیچ دەوڵەتێک یان هێزێکی جیهانی یارمەتی نەدان بۆ هێنانەدی مافەکانیان.بەڕاستی کوردیان کردە قوربانی و مەڕی سەربڕاوی رێکەوتنی سایکس و پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ . سەرەئەنجام کوردیان لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەش و داگیر و فەرامۆش و پەراوێز کرد لەنێوان سنورەکانی دەوڵەتان، و تەنانەت سەدان و هەزارانیان لەخەباتی سەختیان بەرامبەر ئەم دەوڵەتانە لەناوبران.

خراپی و ئاڵۆزی ئەم هەلومەرجە سەپێنراوە کوردیان کردە نەتەوەیەکی ئازا و نەترس و بڕوایان پتەوتر و هۆشیارییان باڵاتر بوو بۆ پرسی نەتەوەکەیان. زۆرجار ئەوان زاڵدەبوون بەسەر پایەندیی و دابەشبوونی خێڵایەتی و سیاسی، و هەستی بەردەوامی ئەوان وەکو نەتەوەیەکی گەمارۆدراو، نیاز و پێویستیان بۆ خەبات و جەنگ لەپێناوی مانەوە و بەدەستهێنانی مافەکانیان والێکردن پەنا بۆ هەموو کەسێک ببەن کە توانای چەک هەڵگرتنی هەبێت، و بۆیەش ئێستا دەبینین ژنانی کورد شان بەشانی پیاوان چەکدارن و دەجەنگن. ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی هەموو گەل و هۆزەکانی دیکەن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە لەلای ئەوان ئەرکی ژنان تەنها بەخێوکردن و چاودێری ماڵ و مناڵەکانە.

لەدوای دەرکەوتنی داعش لەسەر شانۆی سوریا و عێراق، رەوشی کورد بەرەو ئاڵۆزی و خراپی زیاتر چوو. داعش پەلاماری هەموو لایەک دەدات و هەموو ئەوانەش لەناودەبات کە سوننەی ئیسلام نین و هەمووشمان شاهیدی ئەوەین چییان بەسەر ئێزیدی و مەسیحیەکان هێنا و چۆن کارەسات و کۆکوژی و برسیکردنیان هەتا مەرگ بەسەرداهێنان، و چۆن ئەو درندانە بەوپەڕی توندوتیژی و دڵڕەقی پەلاماری ژنانیان دەدا و لە بازاڕەکانی کوێلایەتی ئیسلامیدا دەیانفرۆشتن، یان چۆن بە زۆر و بە زەبری شمشێر ناچاریان دەکردن ببنە ئیسلام.

کۆمەڵگاکانی ئیسلامی و عەرەبە سوننەکان بەرەنگاری داعشیان نەکرد و هیچ کارێکیان نەکرد جگە لەوەی بەیعەتیان بدەنێ و ببنە بەشێک لە هێزەکەیان و سەرئەنجام بوونە چەکدار و هێزی رێکخراو و دەوڵەتە تیرۆریستیەکەی داعش و بەشدارن لە کوشتن و تاوانەکانیان.

هەرچەند زۆرینەی کورد موسڵمانی سوننین، بەڵام بەیعەتیان بە داعش نەدا و ملیان بۆ کەچ نەکردن و رێگای داکۆکی و جەنگیان لەدژی داعش هەڵبژارد و ئەمجارەش کورد بەردەوامبوون لە بەرگری لە خۆیان. لەم خەبات و جەنگە کوردییەدا شاری کۆبانێ بۆتە ناوەند و کۆبەندی بەرخودانی کوردان و زیاتر لە مانگێکە و هەموو لایەنە بەشدار و پەیوەندارەکان نەخشی خۆیان بینی و چونە ناو گەمەیەکی دزێو لەسەر حسابی رۆح و گیانی کوردانی بەرخۆدان و جەنگاوەری ئەو شارە. بەشار ئەسەد خۆشی دەبینێ کە کوردەکان بەرەو تورکیا ئاوارە دەبن، و تورکەکان رقیان لێیانە و درەنگانێک نەبێت هیچ هاوکارییان نەکردن، و رۆژئاوا ماندووە بە دژایەتی نەخۆشی ڤایرۆسی ئیبۆلا و پاراستنی بەغداد لە دارمانی بەدەستی داعش. تەنها براکانی خۆیان لە کوردی عێراق و تورکیا دەیانەوێت لەگەڵیان بجەنگن و کۆبانی گەمارۆدراو بپارێزن.

هەموو جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی چواردەوری کورد بەتایبەتی جارێکی دیکە ئەوەیان سەلماندەوە کە کورد جگە لە کورد کەسی دیکەی نیە و تەنها کورد دەتوانێ پشتیوانی کورد بکات، و تەنها هێزی سەربازی کورد و دەوڵەتی نەتەوەیی کورد دەتوانێ ژیانی سروشتی و ئازاد بۆ ئەوان بەرهەم بهێنێ و ئەم دەوڵەتەش تاکە زەمانەتە بۆمانەوە و ئازادیی کوردان و پاراستنی نەژاد و سەربەخۆیی نەتەوەییان.

هەموو نەتەوە و تایەفەکانی دیکە جگە لە کورد کرانە خاوەنی سەربەخۆیی و دەوڵەت و تەنها کورد مافی دروستکردنی دەوڵەتیان نیە. کوردیش دەبێ مافی دروستکردنی دەوڵەتی هەبێت و دەبێت ئازاد بژین لەو نیشتمانەی کە هەزاران ساڵە لەوێن و نە داگیریان کردووە و نە لە وڵاتانی دیکەوە کۆچیان بۆ کردووە. سەرئەنجام کورد لە خاک و نیشتمانی خۆیان دەمێننەوە و ناچن بۆ هیچ جێگایەکی دیکە و کەسیش ناتوانێ دەریان بکات.

کۆمەڵگا کوردییەکان باس و کۆبونەوەکانیان بەم درەنگانە گەیشتۆتە ئەوەی کە دەبێت مافی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبردنیان هەبێت و ئێستاش جاروبار پرسی دروستکردنی دەوڵەتیش لە ئاسۆدا دێت و دەچێت، بەڵام هەمو جارێک لەگەڵ هەڕەشە و ڕقی تورکیادا بەریەک دەکەون، چونکە تورک دژی هەموو قەوارەیەکی کوردین و بەتایبەتیش ئێستا لەدژی دەسەڵاتی کوردی ڕۆژئاوان کە بەشێک بوون لە سوریا. کوردانی سوریا ئاواتی دەسکەوتەکانی براکانیان لە کوردی عێراق دەخوازن، کە دەسەڵاتی فیدراڵی و نیوە سەربەخۆیان هەیە و خاوەنی پارلەمان و حکومەت و سوپا و دارایی و هاتوچۆ و فرۆکەخانەی خۆیانن و زیاتر لە بیست ساڵ دەبێت بەڕێوەی دەبەن.

کوردی سوریا دەزانن بەهای ئەو دەسکەوتانە چەند بەنرخە و بۆیەش لەکاتی ناچاریدا و بۆ باشترکردنی ژیان و بەهرەمەندی لە ئاسایش پەنا بۆ باشوری کوردستان دەبەن و ئێستا ئەوان بۆ یارمەتی کورد هانی هەموو جیهان دەدەن.

دەبێت جیهان لە خەبات و قوربانی کورد تێبگات و ئەندازەی ئەو زوڵم و ستەمەی کە لێیان دەکرێت بناسێ و بزانێ کە ئیدی سەردەمی چنینەوەی بەرهەمی قوربانی و خەباتی ئەوان هاتووە. کاتی ئەوەش هاتووە دەوڵەتە دەستکردەکانی وەکو سوریا و عێراق نەمێنن کە بەپێی ڕێکەوتنی سایکس-پیکۆ بەسەر کوردا سەپێنران.
کاتی سەرلەنوێ گۆڕینی نەخشەی سیاسی ئەم وڵاتانە هاتووە و دەبێت بەرژەوەندی نەتەوە و گەلەکان پێوەری بوونی دەوڵەتان بن، نەک بەپێی پێوەر و بەرژەوەندییەکانی سایکس-پیکۆ. پێش حەفتا ساڵ ئیمپریالیزم لەناوچوو ، بۆیە دەبێت میراتەکەشیان لەناو بچێت کە سنوورەکانی سوریا و عێراقە.

ئەوەی کە لە یوگوسلافیا و یەکێتی سۆڤیەت و چیکۆسلۆفاکیا ڕوویدا نموونەیەکی ڕۆشنە بۆ گۆڕینی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. لە خۆرهەڵاتی ئوروپا ئەو دەوڵەتانە نەمان و ئێستا نەژاد و نەتەوەکان هەریەکەیان خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن و بەهرەمەندن لە دەسەڵاتی هاوچەرخ و دیموکراسی و یاسا و ئاشتی و دادپەروەری. ئۆکرانیاش لەم پرۆسەیەدایە و ئەوانیش دەیانەوێت لە بەرژەوەندی نەژاد و نەتەوەی خۆیان ببنە خاوەنی دەسەڵات و سەربەخۆیی کە بتوانن پارێزەری زمان و فەرهەنگ و تایبەتمەندییەکانی خۆیان بن.

لەم پرسەدا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی گشتی ئەوروپا جیاواز نیە، بەڵام پابەندیی بۆ دابونەریت و خێڵ و نەژاد و تایەفە و ئایین زیاترە لە پایەندییان بۆ دەوڵەتی مەدەنی، هەر بۆیەش نەتەوە و گەلەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە عێراق و سوریا شکستیان خوارد لە بەدەست هێنانی ئامانجە سەرەکیەکانی دەوڵەت، واتە دەوڵەتی یەکسانی و هاوڵاتی، سەرئەنجام دەوڵەتەکانیش نەیانتوانی ناسنامە و پابەندیی خەڵک بەدەست بهێنن. لەم ڕەوشەدا کوردیش ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیتوانیوە ناسنامە و پابەندیی ڕۆحی خۆی لە دەوڵەتی عێراق و سوریا و ئێران و تورکیا بەدەست بهێنێ، بۆیە هەر دڵی لەلای نەتەوەکەی خۆی بووە، چونکە ئەم دەوڵەتانە نەیانتوانیوە و نەیانویستووە کە مامەڵەی یەکسانی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی خۆیان بکەن و سەرئەنجام کورد هەر بە کوردی دەناسرێ لەلایەن سورییەکان و عێراقی و ئێرانی و تورکەکان و تەنانەت لەلای خۆشیان کورد هەر کوردە و نە عێراقی و نەئێرانی و نە تورکی و نەسوری نین و هەر کە پرسیارت لێیان کرد کە ئێوە چین: هەموویان دەڵێن کوردین!

پێویستە لەسەر خۆرئاوا و بەشێوەی تایبەتیش ئیسرائیل کە هەڵوێستی کردەیی و ئەخلاقیان هەبێت بەرامبەر بە پرسی کورد، نەک تەنها بە وتار و قسە، کە ئەم هەڵوێستە هەتا پشتیوانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ بچێت. وەکو هەموو نەتەوە و گەلانی ناوچەکە و جیهان ئەوانیش خودان بن لە دەوڵەتی خۆیان، و ئەمەش تەنها ڕێگایە بۆ ڕزگاری و ئازادکردنیان لەسەردەمانی دوور و درێژی سەپاندنی زوڵم و چەوسانەوەی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی لەناوچوو.

پشتیوانی و دان پێدانانی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد، بێگومان بەدڵی تورکیا نابێت. تورک بەوپەڕی توندوتیژی و دڵڕەقی کوشتاری گەورەیان لە کورد داوە و لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا هەزارانیان لێکوشتون و لە عێراق و ئێران و سوریاش هەروایان بەسەر هێناون. پێویستە لەسەر جیهان کە دیدی ئەخلاقی و مرۆیی بەکاربهێنێ و بە تورکیا بڵێ ئیدی بەسە، و دەبێت دان بنێت بە مافە نەتەوەییەکانی کوردا و بەشێک لە بەرپرسیاری ئەخلاقی خۆی بەرامبەر بە کورد جێبەجێ بکات.

حکومەتی عەرەبی عێراقیش بێگومان کۆسپ دەخاتە سەر ڕێگای دەوڵەتی کوردی و خراپە و ئاژاوەیان لەدژ بەکاردەهێنێ و هەموو هەوڵێک دەدا کە ڕێگر بێت لەوەی کورد پترۆلی وڵاتی خۆیان بەرهەم بهێنن. بەڵام لەکاتی ڕاگەیاندن و سەرهەڵدانی ئەم دەوڵەتە کوردیەدا زۆرێک لە عەرەبە عێراقیە شەریفەکان هەناسەیەکی خۆشی هەڵدەمژن

و هەست بە ئاسودەیی دەکەن، و دڵی بەشار ئەسەدیش خۆشدەبێ کە جیهان کوردیان لە کۆڵ کردەوە، و ئێرانیەکاتیش خەفەت دەخۆن کە کوردی ئەوێش داوای جیابوونەو دەکەن و سەرئەنجامیش هیچیان لەدەست نایەت جگە لەوەی بڵێن حوکمی ئەوان بەسەر کوردا خەتا و هەڵەی بەریتانیەکان بوو.

ئەگەر کوردی ئێرانیش داوای ماف و جیابوونەوە بکەن، ئەمەش دەبێتە هاندەری نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ داواکاری مافەکانیان، و ئەم سیناریۆش دەتوانرێت لە تورکیا و سوریاش جێبەجێ بکرێن. داواکاری کورد لە ئێران بۆ ماف و ئازادی لەوانەیە ببێتە زەمینە و هۆکاری جەنگی ناوخۆ و سەرئەنجام دارِمانی ئێران و ئەمەش کاریگەری باشی دەبێت بۆ سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی، واتە ئێران بەرەو ڕەوشی ئێستای سوریا دەچێت.

کورد سەلماندیان ئەوان تاکە هێزن کە لە دژی داعش دەجەنگن. ئێران و تورکیا نەبوونە بەشێک لە هاوپەیمانی جیهانی لەدژی داعش، و بێگومان لەسەر زەویش بەرەنگاری داعش نابنەوە، رۆژئاوا و هەندێک دەوڵەتی عەرەبی بەشداریی خۆیان تەنها لە هێرشی ئاسمانیدا سنوردار کردووە و ئەمەش دەوڵەتی داعش لەناو نابات. لەناوبردنی داعش پێویستی بەهێزی زەمینی هەیە کە هەموو مۆڵگە و کونەکانیان شارەزا بێت و سەنگەرەکانیان بڕوخێنێ و کۆڵان بەکۆڵان جەنگی دژیان بکات و شەقام بە شەقام ڕاویان بنێت، بەڵام ئەمە هێشتا ڕووینەداوە، بۆیە داعش وەکو ئەمری واقع بۆ چەند ساڵێکی دیکە دەمێنێ و جیهانیش وەکو ڕاستیەکی تاڵ دانی پێدادەنێ.

بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا پەسەندکردنی مافەکان و دەوڵەتی کوردی کەمتر شایانی دانپێدانان و ئایندەی هەیە، هەتاکو دەوڵەتی تیرۆریستی داعش؟ لەکاتی دارِمانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێت بگەڕێین بۆ بەدیلەکانی ئەم دەوڵەتە شکست خواردوانە.

دەوڵەتی کوردی دەبێتە دەوڵەتێکی مەدەنی و ڕێکخراو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەدا و هەلی زیاتریشی بۆ ژیان دەبێت. دەوڵەتی کوردی ڕووداوی ئایندەی ناوچەکە و زیاتر لەو دەوڵەتە کوردیە دەخایەنێ و دەمێنێتەوە کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم دروست بوو، ئەمەش دەبێتە سەرەتای سەرهەڵدانی بەهاری نەتەوەکان لەدوای ١٦٦ساڵ لەو بەهارەی کە لە ئەوروپا ڕوویدا ١٨٤٨ .

*مامۆستای شارەزای بەشی زمانی عەرەبی زانکۆی (بیر-عیلان) کە بۆماوەی ٢٥ ساڵ لە هەواڵگری سوپای بەرگری ئیسرائیلی کاری کردووە. ئەم گوتارەی لە ٢٣ی ئۆکتوبەری ئەمساڵدا نووسیوە.

سەرچاوە: رۆژنامەی (العالم) ی بەغدادی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٩ ، کە لە رۆژنامەی (ئۆرتۆزشفا) ی ئیسرائیلی وەرگیراوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست / ڕێکەوتی : ١٥ی ئاگوستی ٢٠١٥

# مەترسیی ئیسلامی سیاسی

فەرهاد ئەکبەری

ئەوروپا زۆر هەوراز و نشێو، شەڕی ٣٠ ساڵە(١٦١٨ - ١٦٤٨)، شۆڕشی گەورەی فەرانسە ، شۆڕسی پیشەسازیی بڕی تاکو توانیی لە تیوکراتی دوور بکەوێتەوە و دیموکراسی، ئازادی، یەکسانی و تاکگەری و بەگشتی سیکولاریزم لە ماکەقانوونی خۆیدا جێ بکاتەوە. ئەو دەسکەوتە بەنرخە سیاسی، کۆمەڵایەتی و پیشەسازییانە تەنیا لە سنوورەکانی ئەوروپادا قەتیس نەمان، بەڵکو بوونە دەسکەوتی مرۆڤایەتی و نیشانەی

دەربازبوون لە دەسەڵاتی تیوکراتیک، ئورستوکراتیک،ئۆلیگارشی و هەروەها پێشکەوتنی سیاسیی مرۆڤایەتی.

لەم قۆناخە نوێیەدا، ئیرادەی خەڵک بوو بە سەرچاوی رەوایی و بڕیار و بە بێ گوێدان بە باوەڕی کەسەکیی تاک، کارزانی و لێزانیی بوونە پێوانەی سەرکەوتن و سوودمەندیی لە ئیمتیازگەلی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. ئیدی بەم جۆرە ئازادیی ویژدان، خاوەندارەتی و بەشداری لە سیاسەتدا بووە بە مافێکی گشتی و دین لە دەسەڵات جوێ کرایەوە و لە فەزای گشتی دوور خرایەوە و بوو بە بەشێک لە ژیانی کەسەکیی تاکەکان. ئەم دەسکەوتە مەزنەی مرۆڤایەتی ئەو مافەی لە پیاوانی ئایینی سەندەوە و رێگەی نەدا بە ناوی خودا و دینەوە لەپێناوی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیاندا، خەڵک تەکفیر و سەر و ماڵیان حەڵاڵ بکەن.

فەزای گشتی لە لایەن سیاسەتمەدار و زانایانەوە بوو بە مەیدانی پێشبرکێی خزمەتکردن و گەشەپێدان و بەختەوەریی هەمە لایەنەی دنیای مرۆڤ و هەروەها هەر لەم رێگایەشەوە و بە بێ دەسوەردان لە فەزای تایبەتی ژیانی تاک و بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ رێگای بۆ خۆش کرا تاکو بە شێوەی جیاجیا و ئازادانە خزمەتی باوەڕی ئایینیی خۆشی بکا و لە خەمی ئەو دنیای خۆیدا بێ.

بەم پێیە ئەگەر کەس یان گرووپێک لە دنیای نوێدا بیەوەی بە پشتبەستن بە ئایین و پێکهێنانی حزبی دینی بانگەشە بۆ بەختەوەریی مرۆڤ لە دنیادا بکا، تەنیا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی مادیی و سیاسییە و بازرگانی بە ئایینەوە دەکا، ئەگینا لە چوارچێوەی سیستمێکی سیکۆلاردا دەبێ بە بێ گوێدان بە باوەڕی ئایینی، بە دوای بەختەوەری وپشخستنی ژیانی هەموو اندا بگەڕێن نەک تاقمێکی تایبەت. ئەمەش هیچ پاساو هەڵناگرێ، چونکە ئێمە لە ناوچەیەکداین کە ئەنجامی ئەم چەشنە بانگەشانە تەنیا فێندەمێناڵیمزمی لە هەر دوو فۆرمی سوننی و شیعیدا لێ کەوەتووەتەوە و کە نەک هەر بە ناوی خوا و دینەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کردووەتە گۆمی خوێن، بەڵکو بوونەتە مەترسی بۆ سەر جیهانیش. بۆیە پێویستە بە خەباتی رۆشنگەرانە، بەرپەرچی هەر چەشنە هەوڵێکی سیاسییانەی ئیسلامگەراکان بدەینەوەنە و نەهێڵین کۆمەڵگا بەرەو دوا بگەڕێننەوە و ویستەکانی خۆیان لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا بچەسپێنن، چونکە ئەمە چارەنووسی بە جیدی دەخاتە مەترسییەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / رێکەوتی : ٢٤ی ئاگوستی ٢٠١٥

# نەیارانی مۆدێرنە

مەریوان وریا قانیع

نووسەری گۆشەی (ئەو دیوی شتەکان)


لەسەردەمی مارکسەوە دیدێک بۆ دونیای مۆدێرن لەدایکدەبێت کە دیدێکی تەواو ڕەشبینەو کۆمەڵێک ئاکاریی نێگەتیڤ دەداتە پاڵ ئەو دونیا تازەیەو ئەو مرۆڤە نوێیانەی لەو دونیایەدا ئامادەن. ئەم شێوازە لەوێناکردنو لێکدانەوەی دونیای مۆدێرن لای مارکسو نیتشەو ماکس ڤێبەرو فرۆید ئامادەن، بەڵام بێگومان لای هەر یەکێکیان بەشێوازێکی جیاواز. ئەو تێزە سەرەکییەی ئەم نوسەرانە بەرگریلێدەکەن ئەوەیە کە مرۆڤی ناو دونیای مۆدێرن، هەڵگری هۆشیارییەکە کە خۆی بەڕێوەبەرو دارێژەرو ئاراستەکەری ئەو هۆشیارییە نییە، ئەوەی لەناو سەرو زەینو خەیاڵی کەسەکاندا هەیە، موڵکی خۆیانو بەرهەمی بیرکردنەوەی سەربەستو ئازادانەی خۆیان نییە، بەڵکو بەرهەمی ئەو بونیادو هێزو میکانیزمە تازانەن کە لەو دونیایەدا دێنەکایەوە.



لای مارکس کێشەی سەرەکیی مۆرڤی مۆدێرن کێشەی "نامۆبون"و دروستبونی "هۆشیارییەکی ساختە"یە لەمێشکی ئەو مرۆڤەدا. کاپیتالیزم، یان سەرمایەداریی، ئەو شێوازەیە لەڕێکخستنی ئابوریی کە هۆشیاریی مرۆڤ دەشێوێنێتو بەتەواوی مرۆڤ لەخۆیو لەو دونیایە نامۆدەکات کە تیایدا دەژی. هەرچی نیتشەو ماکس ڤێبەرو فرۆیدە، کەسیان نکوڵی لەنامۆبونو شێوانی هۆشیاریی مرۆڤی مۆدێرن ناکەن، بەڵام ئەمان بۆچونیان وایە کە کێشەی مۆدێرنە، تەنها کێشەی سیستمە ئابورییە سەرمایەدارییەکە نییە، بەڵک،و بە پلەی یەکەم، کێشەی دەسەڵاتە، کێشەی دروستبونو لەدایکبونی دەسەڵاتێکی تازەیە کە دەتوانێت لەهەمو کونو قوژبنێکی ژیانی مرۆڤدا ئامادەبێت. لای ئەم نوسەرانە کاری ژمارە یەکی ئەم دەسەڵاتە مۆدێرنە چەپاندنی مرۆڤە. "تێزەی چەپاندن" لای ئەم نوسەرانە دەبێت بە تێزەی سەرەکیی ئەو دەسەڵاتە مۆدێرنەی لەم دونیا تازەیەدا لەدایکدەبێت، کێشەکە تەنها کێشەی "چەوساندنەوە"ی ئابوریی نییە، بەڵکو کێشەی "چەپاندن"و کۆنترۆڵکردنی دونیا ناوەکییەکەی مرۆڤە.

خاڵی سەرەکیی لەم تێزەی چەپاندندا ئەوەیە کە مرۆڤی ناو ئەم کۆمەڵگا مۆدێرنانە میکانیزمەکانی چەپاندنو کۆنترۆڵکردن بەناوەکیی دەکەنو هەر کەسێکیان پۆلیسێکی ناوەکیی لەناو دەرونو هۆشیاریی خۆیدا دروستدەکات. مرۆڤی مۆدێرن ئەم میکانیزمی چەپاندنە دەکات بەبەشێک لەکاراکتەری خۆی، بە بەشێک لە پێکهاتی دەرونییو هەڵسوکەوتو هۆشیارییو ناهۆشیاریی خۆی. ئەمە وادەکات تەحەدای سەرەکیی لای ئەم نوسەرانە گۆڕینی سیستمە ئابورییەکە نەبێت، بەڵکو خۆڕزگارکردنبێت لەو میکانیزمە ناوەکییانەی "گوێڕایەڵیی"و" خۆکۆنترۆڵکردن"و"خۆچەپاندن" دروستو ئاراستەدەکەن. ئەم تێزەی خۆچەپاندنو خۆکۆنترۆڵکردنو خۆبێدەنگکردنە، تێزەی سەرەکیی نیتشەو فرۆیدو ماکس ڤێبەرە. بەشێکی سەرەکیی فیکریی ئەم سێ نوسەرە نیشاندانی ئەو میکانیزمو ستراتیژییانەیە کە ئاشکرایدەکەن چۆن مرۆڤی ناو ئەم کۆمەڵگایانە دەکرێن بە"مرۆڤی گوێڕایەڵ". هەرسێکیشیان کەمتر خەریکی تیوریزەکردنی چەوساندنەوەکانی ناو کاپیتالیزمو زیاتر خەریکی تیوریزەکردنی سروشتە "چەوسێنەر"و "داپڵۆسەر"و "کۆنترۆڵکەر"ەکەی مۆدێرنەن. ئەم سێ نوسەرە هەر یەکەیان بەشێوەیەکی تایبەت لەمارکس دوردەکەوێتەوەو لەگرنگیدانەوە بە هۆکارە ئابورییەکانی تێکچونی دونیای مۆدێرنەوە، دەگوزانەوە بۆ گرنگیدان بەمەسەلەی دەسەڵاتو هەیمەنەو غەریزە. ئەگەر ئابوریی ئامرازی کۆنترۆڵکردنێکی دەرەکیی ژیانی مۆرڤەکانی ناو سیستمی کاپیتالیزم بێت، ئەوا دەسەڵاتو هەیمەنەو غەریزە ئەو ڕێگایانەن کە دونیای مۆدێرن باڵادەستیی خۆی بەسەر دونیای ناوەکیی تاکەکەسەکاندا، مەیسەردەکات.

ڕەخنەی فۆرید لەهۆشیاریی مۆدێرن، یان لەهۆشیاریی مرۆڤی مۆدێرن، لەڕێگای ڕەخنەکردنی کردەی چەپاندنی ئارەزوە سێکسییەکانو سنوردارکردنێکی ترسناکی تواناکانی لیبیدۆ خۆی نمایشدەکات. ئەگەر لای مارکس ڕەخنەکردنی "شتومەک"، یان "کاڵا"، ڕەخنەی سەرکیی بێت، چونکە بەرهەمهێنانی کاڵایی ناو سیستمی کاپیتالیزمە وادەکات مرۆڤ ببێتە هەڵگریی "هۆشیارییەکی ساختە" یان لەناو جۆرێک لە"نامۆبون"ی قوڵو سەرتاسەرییدا نوقمببێت، ئەوا مرۆڤی مۆدێرن لای فرۆید هەڵگری سایکۆلۆژیایەکی






نەخۆشو ناتەندروستە، چونکە مێژوی ئەم مرۆڤە پڕە لەچەپاندنێکی بەردەوامو فرەلایەنی حەزو وزە سێکسییەکانی. بۆیە ئەوەی لەدونیای مۆدێرندا لەسایکۆلۆژیاو هۆشیاریی مرۆڤی مۆدێرندا دروستدەبێت سایکۆلۆژیاو هۆشیارییەکی شێواوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە هۆشیاریو سایکۆلۆژیایەکە چەپاندن هێزی سەرەکییە لەدروستبونیاندا.

ئەگەر لای مارکس مێژوی مرۆڤایەتی دەرەنجامی ململانێی نێوان چینە جیاوازەکان بێتو چەوساندنەوە سروشتێکی ئابورییانەی هەبێت، ئەوا لای نیتشە مێژو دەرەنجامی ململانێی نێوان چینەکان نییە، بەڵکو ململانێی نێوان دو پرنسیپە کە یەکێکیان "پرنسیپی دایۆنیزیی"و ئەویتریان "پرنسیپی ئۆپۆلۆنیی"ە. پرنسیپی یەکەمیان هێما بۆ هەستو نەستو وزەیەک دەکات کە لەغەریزەکانەوە دێتەدەرەوەو مرۆڤ وەک بونەوەرێکی غەریزیی وێناو دروستدەکات. دوهەمیان هێما بۆ ئەو هێزە دەکات کە لەعەقڵەوە سەرچاوەدەگرێتو مرۆڤ وەک بونەورەرێکی عەقڵانیی وێنادەکات. مێژو لەدیدی نیتشەدا مێژوی ململانێیە لەنێوان ئەم دو پرنسیپەدا، واتە مێژوی ململانێیە لەنێوان غەریزەو عەقڵدا. نیتشە دژ بەرۆشنگەرییو عەقڵانیەتی مۆدێرن قسەدەکاتو پێیوایە لەدونیای مۆدێرندا عەقڵ بوە بە تاکە سەرچاوەی گەشەکردنو پێشکەوتنی مرۆڤو شارستانیەت. شارستانیەتی نوێو غەریزەو پرنسیپی دایۆنیزیی وێرانکردوەو مرۆڤێکی عەقڵانییو "عاقڵ"ی دروستکردوە. لەدیدی نیتشەدا رۆشنگەرییو عقڵانیەتی مۆدێرن تەنها نیوەی مرۆڤ، نیوە عەقڵانیەکەی مرۆڤ، دەبینێتو لەسەر گەشەکردنی ئەو نیوەیە کاردەکات، لەکاتێکدا یۆنانییە کۆنەکان مرۆڤیان لەکامڵیی خۆیدا بینیوە. هەم دیوە غەریزییو تەوژمە هەستییەکانی مرۆڤیان بینیوەو هەم دیوە عەقڵانییەکەش. یۆنانییەکان لەدیدی نیتشەدا بەدوای هارمۆنیەتدا گەڕاون لەنێوان ئەو دوانەدا لەکاتێکدا دونیای مۆدێرنو رۆشنگەریی لەسەر بێدەنگکردنو چەپاندنو شاردنەوەو بێنرخکردنی لایەنە دایۆنیزیەکەی مرۆڤ کاردەکات. بۆیە لەبەراوردکردنی شارستانیەتی مۆدێرندا بە شارستانیەتی یۆنان، نیتشە پێیوایە یۆنانیەکان زۆر لەپێش مرۆڤی هاوچەرخەوەن.

ماکس ڤێبەریش وەک مارکس باوەڕی بەوەیە کە مێژوی مرۆڤ مێژوی ململانێی بەردەوامە، بەڵام ململانێ لەنێوان چینەکانو شێوازەکانی بەرهەمهێناندا نا، بەڵکو ململانێ لەنێوان شێوازە جیاوازەکانی هەیمەندا. لای ماکس ڤێبەر ئەوەی لەدونیای بەر لەمۆدێرندا باڵادەستە دو شێوازە لەهەیمەنە کە بریتین لە"هەیمەنەی کەلەپورو نەریەت" لەگەڵ "هەیمەنەی کاریزمیی"، لەکاتێکدا هەیمەنە لەکۆمەڵگای مۆدێرندا "هەیمەنەیەکی یاساییو بیرۆکراسیی"ە. ئەم هەیمەنە نوێیەش هەیمەنەیەکی هەمەلایەنەو مرۆڤی ناو کۆمەڵگا مۆدێرنەکان وەک مرۆڤی ناو "قەفەزێکی ئاسنین"ی لێهاتوە کە لەهەمو لایەکەوە بە یاساو بەها بیرۆکراسییەکان گەمارۆدراوە. مرۆڤی مۆدێرن لای ماکس ڤێبەر مرۆڤێکە بیرۆکراسیەت ژیانی ئاراستەدەکاتو بیرۆکراسیەت هۆشیارییەکی گەمارۆدراوی تیادا دەچێنێت.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز / ڕێکەوتی : ٤ی ئاگوستی ٢٠١٥

# «کوردستانم برینێکە...واز لەو برینەم بهێنن»

**قادر وریا**



کە خەمێکی گەورەی سەرچاوەگرتوو لە کارەساتێکی نەتەوەیی دەبێتە میوانم، کە ژانی نووسینێک بۆ ماتەمی مەرگی بە کۆمەڵی لاوانی نەتەوەکەم دەمگرێ، کە دەمەوێ شتێک بڵێم شایانی ڕووداوێک بێ کە هەژاندوومی، دەگەڕێم بۆ وشەیەک، دەستەواژەیەک، دێڕێک، دەقێک، قسەی دڵی خۆمی پێ بەیان کەم هەستی خۆمی پێ دەربڕم، تووڕەیی خۆمی پێ وێنا کەم. لە نێو شوێنەواری بە جێماوی هەرچی خوێندوومەوە، هەرچی بیستوومەو دیتوومە، دەگەڕێم، لە پاشخانی هەژارانەو کۆڵەواری فکریو ئەدەبیی خۆمدا، گەشتیک دەکەم، چەرخێک دەخۆم، جاری وایە زایەڵەی دێڕە شێعرێک بە دەنگی گۆرانیبیژێک، سروودخوێنێک، یا ڕستەیەک لە وتەی ئەکتەری ڕۆمانێک، فیلمێک، فریام دەکەوێ. ئەمشەویش کە دەمەویست هەر خۆم بەو خەمی هەڵوەڕینی هەموو گوڵەکانی باخچەیەک، هەر خۆم بەم وجەخاری بێشەلانێکی دروێنەکراو، هەر خۆم بەو ئازاری ڕامان لە دیمەنی گۆڕەپانێک پڕ لە لاشەی لەتوپەتبووی لاوانی ئەم کوردستانە خوێناوییەم، دەقێکی شێعریی مامۆستا شێرکۆ بیکەس فریام کەوتەوە:

«کوردستانم برینێکە، برین لقی داربەڕووە
واز لەو برینەم بهێنن،
لێی گەڕێن با پەل و پۆی سووری بهاوێ و
سێبەر بۆ ئازادی بکا،
من هەر چاوی دارستانی گڕ تێبەربووی خۆم شک ئەبەم ئێشکم بگرێ.
من هەر خوێنی لەبەر ڕۆیشتووی ئەم شاخانەی خۆم شک ئەبەم
هەڵ بستێت و پێشم کەوێ.
واز لەو برینەم بهێنن،
زریان شەوەو قیبلە نمای ملم مۆمە،
بایەوانی ئەو کەشتییەش
هەر چارۆکەی سەری خۆمە.
هەر خۆم
هەر خۆم،
من خوا نیم و لەوەتەی هەم هەر تەنیام و
کوردستانیش باوەشی عەشقی دایکێکە
وەکوو مێژوو سک سووتاوە و
چاوەڕێمە...»

**

ئەو سەدان لاوەی ڕۆژی شەممە ٢٠ی جولای رابردوو، لە شاری پرسووس، لە چاوتروکانێکدا بە گەرووی ئاگرو دووکەڵدا ڕۆیشتنو بوون بە خۆراکی مەرگ، لە شارە

جۆراوجۆرەکانی باکووری کوردستانو وڵاتی تورکیەوە هاتبوون تا بە هانای شاری کۆبانێوە بچن. ئەوان کە لە بزەو قاقای دەمیاندا،کۆتری خەندەو، لە چاویاندا، ئەستێری پڕ لە ورشەی هیوا بەدی دەکرا، هەڵگری سروودی ئاوەدانی بوون، بەستەی ئاشتیو تەباییو خۆشەویستیان دەچڕی، پەیامی ژیانو ژیانەوەیان پێ بوو. هاتبوون تا دەستیان تێکەڵی ئەو دەستانە بکەن کە دەیانەوێ شاری کۆبانێ، سەمبولی سەدەی ٢١ بۆ خۆڕاگری، لە سەر وێرانەکانی خۆی بنیات بنێنەوە. کۆبانێ، ئەو شارەی بە خۆڕاگرییە حەماسیو پڕشانازییەکەی دانیشتوانو پارێزەرانی بەرامبەرلەشکری مەرگ و تاریکی، لە شارێکی دەیان ساڵ پشتگوێخراوو فەرامۆشکراو، بوو بە ناودارترین شاری ئەم یەک ساڵەی رابردوو، نەک هەر هەستو سۆزی تاکی کورد لە هەموو بەشەکان، بەڵکوو ویژدانی لاوانی نەتەوەکانی دیکەشی جووڵاندوە. تێی گەیاندوون کە خۆڕاگریو شەڕی کۆبانێو کۆبانێپارێزان بەرامبەر سوپای جەهل و نەزانی، نەک شەڕی نەتەوەیەک بەڵکوو شەڕی بەشەرییەتە لە گەڵ خێوی تاریکیو تیرۆرو وێرانی. کۆبانێ کە ئەستێرە هەرە درەوشاوەکەی مێژووی نوێی خەباتو خۆڕاگریی نەتەوەی کوردە، لە دنیای بەگوندبووی سەردەمی بەجیهانیبوون دا، بوو بە هیمای سەرکەوتنی ڕووناکی بە سەر تاریکیدا، بوو بە سەمبولی بە چۆکداهێنانو تێکشکاندنی مەرگو دڕندەییو وێرانی. هێمایەک کە بۆ ماوەی چەند مانگ ڕووناکیخوازانو مرۆڤدۆستان لە سەرانسەری جیهان ساتبەسات لە گەڵی دەژیانو شکانو سەرکەوتنەکەیان بە هی خۆیان دەزانی.

ڕقو وەحشەت لە ناوو ناوبانگی کۆبانێیە کە بووە بە هۆی بە حەڵاڵ زانینی کوشتنی بە کۆمەڵی ئەو کچو کوڕانەی بە دەم بانگەوازی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێیەوە چوو بوون؟ یان ترسو تۆقین لە ژیانەوەو بووژانەوەی کولتووری دەستوێکدانی مرۆڤەکان بێ لە بەرچاوگرتنی سنوورە نەتەوەییو زمانییەکان لە پێناوی شەکاوە راگرتنی ئاڵای مرۆڤایەتیو دادپەروەریو پێکەوەبوونی بە ئاشتیدا؟

واز لەو برینەم بهێنن!

سەدان ساڵە مرختان لە قووتدانی ئەم نەتەوەیەو نیشتمانەکەی خۆش کردوە. سەدان ساڵە بە ناوی دین، بە ناوی شارستانەتی، دژایەتی و دوژمنیی زمانەکەی، مێژووەکەیو کولتوورەکەی دەکەن. سەدان ساڵە کارەسات بە دوای کارەسات بە سەر دانیشتوانی ئەم خاکە دەهێنن، سەدان ساڵە دەمتان ناوەتە نێو خوێنمان، هەر ماوینو نەشکاوین وبەرامبەرتان ڕاوەستاوین. دە سەری خۆتان هەڵگرنو بڕۆنەوە بۆ ئەو جەهەننەمەی لێی هاتوون:

«واز لەو برینەم بهێنن،
لێی گەڕێن با پەل و پۆی سووری بهاوێو
سێبەر بۆ ئازادی بکا.»

لە ژمارە ٦٦٠ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٢ی جولای ٢٠١٥

# ژنان و سینەما

ژیل نلمەز

بۆ فارسی: ئومید نیکفەرجام

بو کوردی: جەمشید بەهرامی

ئاماژە: ئەم بابەتە ئاوڕ لە یەکەمین ژنە سینەماکارەکان دەداتەوە کە جێپەنجەیان لە مێژووی سینەمادا دیارە.

هەر لە ساڵە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی پیشەی سینەما لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، ژنان بە شێوەیەکی گشتی لە پێڕستی هۆکارەکانی فیلمسازیدا بوونیان نەبوو، هەڵبەت نابێت لە بیری بکەین کە بەشە ناپیشەییەکانی دیکە لە وێنەی دیزانی سەحنە و گریم(میکیاج) یان یاریدەدەری بەرهەمهێنان تا رادەیەکی زۆر تایبەت بە ژنان بوو. بەم حاڵەشەوە لێکۆڵینەوە نوێیەکان نیشاندەری ئەوەن کە رۆلی ژنان لە سینەمای ئەو سەردەمەدا، ئەوەندەش بێبایەخ نەبووە و هەندێک لەو ژنانە پەرژاونەتە سەر دەرهێنان، بەرهەمهێنان، مۆنتاژ، سیناریۆنووسی و راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە سەر رەوتی بەرهەمهێنانی فیلمدا کاریگەرییان بووە.



بەپێی ئەو سەنەد بەڵگەنامانەی کە لە بەردەستدایە یەکەمین ژنە فیلمسازەکان فەڕانسەوی و ئەمریکایی بوون. دوو دەورگێڕی بەناوبانگی هالیوود، واتە "مێری پیکفۆرد" و "لیلین گیش"، کاری دەرهێنانیشیان کردووە؛ بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەرهێنەری کاریگەری نەرێنی لەسەر دەنگیان(وەک دەورگێڕ) دانەنێت درێژەیان بە کاری دەرهێنان نەداوە و سەریان لێناوەتەوە.

فەڕانسەییەکان شانازی بە ناساندنی یەکەمین دەرهێنەری ژنی دنیاوە دەکەن کە خەڵکی فەڕانسە بووە، "ئالیس بلاشە" یەکەمین ژنی دەرهێنەری مێژووی سینەمایە کە سەرەتا لە رێگای کارکردن بۆ کۆمپانیای گۆمۆن (کۆمپانیای بەرهەمهێنانی کامێرا)، توانی دەستی بە ئامرازە پێویستەکانی فیلمسازی رابگات. ئەو لە ساڵی ١٨٩٦ بە کورتە فیلمی یەک دەقەیی "فریشتەی باش لە کێڵگەی کەلەرم" دەستی بە دەرهێنانی فیلم کرد و پێی وابوو کە ئەم فیلمە، یەکەمین "فیلمی چیرۆکی" دنیایە. بلاشە دوای یازدە ساڵ کارکردن بە هۆی درێژەدانی کاری سینەما لە فەڕانسەوە بۆ ئامریکا کۆچی کرد. لە ئەمریکادا سیناریۆگەلێکی زۆری نووسی و درێژەی بە دەرهێنەری و بەرهەمهێنانی فیلمدا (لەوانە: فیلمی "لە ساڵی ٢٠٠٠" کە ژنان وەک فەرمانڕەوایانی جیهان بەرجەستە دەکاتەوە).

بۆ بلاشە بارودۆخی کاری فیلمسازی لە ئەمریکا سادەتر بوو؛ چونکوو لە فەڕانسەدا بە چاوێکی خراپ چاو لەو ژنانە دەکرا کە لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن. کچەکەی بلاشە (سیمۆن بلاشە) لە چاوپێکەوتنێکدا گوتوویەتی: "لە ئەمریکا، بە شێوازێکی باش پێشوازیان لە دایکم کرد، ئەو هەمیشە دەیگووت، هۆکاری ئەم پێشوازی کردنە پێوەندی بە فیلمسازبوونییەوە هەیە. بەڵام لە فەڕانسەدا دۆخەکە بەتەواو مانا بەپێچەوانە بوو.

پیشەی سینەمای ئەمریکا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا گەشەیەکی بەرچاوی سەند و بە هۆی سەرنجی زۆری بەردەنگ بۆ ئەم میدیا نوێیە، پیشەی سینەما بوو بە پێگەیەک بۆ کۆکردنەوەی بڕەپارەیەکی هەرە زۆر.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم پیشە نوێیە لە ئەمریکادا، زۆر خوازیاری رکابەری بوو و لە هەمان کاتیشدا زۆر بێ‌ڕەحم بوو، بەڵام لە ئاست پیشەی سینەما لە ئەورووپادا، زۆرتر هاندەر بوو بۆ ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتن و لە ئاست ژنانیشدا کەمتر دووچاوەکی بەکاردەهێنا.

بە گوێرەی بەراوردەکان، لە ساڵی ۱۹۳۰، لانیکەم ۲۶ ژنی دەرهێنەر لە ئەمریکادا چالاکیان دەکرد؛ هەڵبەت ڕێژەی دەرهێنەران، دەورگێڕان و سیناریۆنووسانی ژن، زۆر زۆرتر بووە بەڵام لە تیتراژی فیلمەکاندا ناویان نەهاتوو و ئاماژەیان پێنەکراوە.

لوویز ڤێبەر یەکەمین و ڕەنگە بەناوبانگترین ژنە فیلمسازی ئەمریکاییە. ئەو جگە لە دەرهێنانی فیلمەکانی (زیاتر لە ۷۵ بەرهەمی سینەمایی هەیە)، نووسینی سیناریۆ، بەرهەمهێنان و دەورگێڕانی فیلمەکانیشی گرتووەتە ئەستۆ. زۆرێک لە بەرهەمە سینەماییەکانی ڤێبەر ئاوڕ لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە "لەباربردنی منداڵ" و "تەڵاق" دەدایەوە. لە کۆتایی دەیەی بیستەمدا سەردەمی فیلمە بێدەنگەکان بەرەو کۆتایی دەچوو و هێدی هێدی فیلمە ئاخێوەرەکان هاتنە ئاراوە و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، دابەزینی ڕێژەی ژنانی چالاک لە پانتایی سینەمای بەدوای خۆیدا هێنا. بە هۆی گران بوونی ئامرازەکانی پێویست بۆ ئاخێوەرکردنی فیلمەکان، بەس ستدیۆ گەورەکان توانیان درێژە بە کار بدەن؛ کۆمپانیا بچووک و سەربەخۆکان کە ڕێژەیان زۆر زۆرتر بوو و زۆربەی ئەندامەکانیان ژن بوو نەیانتوانی درێژە بە کار بدەن و لە ئاکامدا ژنانی فیلمساز بێکار بوون. بەس یەک ژنی دەرهێنەر بە ناوی "دورووتی ئارزنێر" لە سەردەمی گواستنەوە لە سینەمای بێ دەنگ بۆ سینەمای ئاخێوەر توانی درێژە بە چالاکی سینمایی بدات، ئەو درێژەی بە فیلمسازی دا و فیلمگەلێکی زۆر و بەناوبانگی درووست کرد، فیلمگەلێک لەوێنەی "کریستۆفێر سترانگ" (۱۹۳۳) بە دەورگێڕانی "کاترین هیپورێن"، هەروەها فیلمی "سەما بکە کیژۆڵە سەما بکە" (۱۹۴۰)

بۆ جارێکیش "ئارزنێر" نێوی لە پێڕستی "دە دەرهێنەری هەڵبژێردراو"دا هاتووە. ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەمەیە کە لە ئاڵوگۆڕێکدا کە دواتر لە ئەمریکادا هاتە ئاراوە، ژنانی فیلمساز ناچار بوون کۆچ بکەن، "ئیلینوێر گێلێن" بۆ بریتانیا کۆچی کرد و ژاکلین لۆگان بۆ ئەورووپا(واتە بۆ ئەو جێگایەی کە بۆ فیلمسازی ژنان لەبار نەبوو) کۆچی کرد. وێناچێت ژنە فیلمسازەکان لە بریتانیادا زۆر هاندرابێتن؛ تا ئەو ڕادەیەی کە دەزانین یەکەمین دەرهێنەری ژنی بریتانیایی "دینا شووری"یە کە دوو فیلمی لە ژێر نێوی "درێژەدان" (۱۹۲۷) و "دوایین بەندەر" (۱۹۲۹) دروست کردووە.

تا پێش لە شەڕی جیهانی دووهەم، زۆر بە دەگمەن ژنی فیلمساز بوونی هەبووە؛ بەڵام هەندێک لە پرۆسەی فیلمسازیدا ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە. بۆ وێنە "ئالما ڕێڤیل" **Alma Lucy Reville** " کە لەگەڵ فیلمسازی بەناوبانگ "هیچکاک"دا ژیانی هاوسەری پێکهێنا و لە زۆرێک لە بەرهەمەکاندا یاریدەدەری هیچکاک بوو؛ بۆ وێنە لە فیلمەکانی "سی و نۆ هەنگاو ۱۹۳۵) "**The 39 Steps**) و "خاتوونەکە ون دەبێت ۱۹۳۸)"**The Lady Vanishes**). "ئالما ڕێڤیل" هەروەها لە نووسینی سیناریۆی هەندێ لە فیلمەکانی هیچکاکدا هاوکاری کردووە، بۆ وێنە "گومان ۱۹۴۱) "**Suspicion**) و "سێبەری گومانێک ۱۹۴۳) "**Shadow of a Doubt**).

"مێری فیلد" لە ساڵی ۱۹۲۸ لە بەشی بەڵگەفیلمدا(فیلمی دیکۆمێنتاری) دەستی بەکارکرد و لە ساڵی ۱۹۴۴ تاکوو ۱۹۵۰ بەرهەمهێنانی هونەریی فیلمەکانی "ج.ئارتوور ڕەنک"ی وەئەوستۆ گرت."جۆی بەچلێر" لە ساڵی ۱۹۳۵وە زۆرتر لە بەشی ئەنیمەیشێن چالاک بوو و "دەرهێنەری دووهەم"ی یەکەمین بەرهەمی ئەنیمەیشێنی "باخچەی ئاژەڵان" (۱۹۴۵) بوو، و تا دەیەی هەفتا لە بەشی ئەنیمەیشێن دا درێژەی بە چالاکیدا.

### ژنانی دیکۆمێنتساز

بزووتنەوەی سینەمای دیکۆمێنتاری(بەڵگەنامەیی) لە بریتانیا کە لە لایەن "جان گریەر سێن" بناخەکانی دارێژرا، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر سینەمای بریتانیا هەبوو؛ کاریگەرییەک کە تاکوو ئەمڕۆش درێژەی بووە. "ڕۆبی" خوشکی گریەر سێن لە بەشێک لە فیلمەکاندا یارمەتیدەر بوو و دواتر خۆی چەند فیلمی دروست کرد لەوانە "کێشەکانی شوێنی نیشتەجێبوون" (۱۹۴۰).زۆرێک لەو فیلمسازانەی کە لە سەرەتادا لەگەڵ بزووتنەوەی "سینەمای بەڵگەنامەیی" هاوهەنگاو بوون لە ماوەی شەڕی جیهانی (دووهەم) پەرژانە سەر فیلمەکانی تایبەت بە ڕێکلام و پرۆپاگاندا؛ بەشێک لە ژنان، لە پێگەی دەرهێنەر و یاردیدەدەری دەرهێنەر لەم بەشەدا چالاک بوون. بە هۆی داخوازی و پێویستی زۆر بە فیلمی پرۆپاگاندا و ڕێکلام، لە بریتانیای ئەو سەردەمەدا کە دەرگیری شەڕ بوو، و هەروەها بە هۆی کەمتر بوونی ڕێژەی پیاوە سینەماکارەکان،

بەشێک لە ژنان لە هەندێ لە بەشەکانی فیلمسازیدا جێگیر بوون کە پێشتر ئەو بەشانە بەس تایبەت بە پیاوان بوو.

"کەی مێندێر" یەکێک لە ژنە فیلمسازەکانە کە لە سەرەتاوە لە بەشی دیزاینی سەحنەدا چالاک بووە و دواتر بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە بە هۆی شەڕەوە بۆ ژنان ڕەخسا، توانی ئەرکی دەرهێنەری بگرێتە ئەستۆ. "کەی مێندێر" دەرهێنەری فیلمگەلێکی زۆر بووە و لە هەر دوو بەشی سینەمای چیرۆکی و بەڵگەنامەیی(دیکۆمێنتاری) چالاک بووە. ئەو لە سەرەتادا بۆ "یەکەی فیلمسازی کۆمپانیای شێل" و دواتر بۆ وەزارەتی تەندروستی، فیلمگەلێکی بەرهەم هێناوە و لە ساڵی ١٩٤٩ خەڵاتی ئاکادمیای فیلمی بریتانیای پێ بەخشراوە. بە گوێرە قسەکانی "مێندێر" کاتێک کە یەکێک لە بەرهەمهێنەرە ناسراوەکان پێی گوتووە "ژنان توانستی سەرپەرشتی کردنی گرووپی فیلمسازی و دەرهێنانیان نییە" و هەر بەو هۆیە ئەرکەکەی بە پیاوێک سپارد، لەو کاتەوە ئەویش هۆگرایەتی بۆ دەرهێنەری لە دەستداوە و دیسانەوە پەرژاوەتە سەر دیزاینی سەحنە.

"ژیل کریگی" درێژەی بە نەریتی ژنانی دیکۆمێنتساز داوە، واتە ئاوڕدانەوە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان؛ هەروەها نووسین و دەهێنانی فیلمگەلێکی بە ئەنجام گەیاند، لەوانە: "ئەو جۆرەی کە ئێمە ژیان دەکەین" (٧ - ١٩٤٦ )؛ "برینی شین" (١٩٥٠) و "ژن بوون" (١٩٥١).

"ژن بوون" کورتە فیلمێکی بەڵگەنامەییە سەبارەت بە کارکردنی ژنان؛ "ژیل کریگی" وەک ژنە فیلمسازێک لەو فیلمەدا لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێت ژنان لە بەرامبەر پیاواندا مافێکی یەکسانیان هەبێت، و بەم پێیەش پێگەی ژنانی لە بریتانیا بردە ئەو ئاستەی کە وەک هێزی کار چاو لە ژنان بکەن. بەشێکی کەم لە ژنانی فیلمسازی بریتانیایی ئاوڕیان لە فیلمی چیرۆکی داوەتەوە؛ بەڵام دوو ژنی فیلمساز، "موریەل بۆکس **Muriel Box** " و "وەندی تۆی" لە دوو دەیەی چل و پەنجادا چەند فیلمێکیان دروست کرد و ناوبانگی جیهانیان دەکرد.لە بەرهەمەکانی "وەندی تۆی" کە کەمتر بەناوبانگە، دەتوانین بە "هەڵگیرساندنی شۆڕش" (١٩٥٧) و "ئێمە بەشداری هێزی دەریایی دەبین" بە دەورگێڕانی "درێک بووگارد" ئاماژە بکەین.

## "موریەل بۆکس"

زۆرکەس موریەل بۆکس بە یەکێک لە هەڵکەوتووترین و بەناوبانگترین فیلمسازانی بریتانیایی دەیەی چل و پەنجا و هەروەها بە سەرکەوتووترین ژنی دەرهێنەر تاکوو ئەمڕۆ دەزانن. ئەو لە سینەمادا بە کۆمەڵێک ئەرکی ساکارەوە دەستی پێکرد؛ بەڵام دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ "سیدنی بۆکس"، لەو دۆخەی کە ئەو پێوەندییە بۆی پێکهێنابوو کەڵکی وەرگرت و لە ساڵی ١٩٣٩ تاکوو١٩٦٤ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا فیلمی دروست کرد.

ڕەخنەگران بە شێوەیەکی باش چاویان لە بەرهەمەکانی بۆکس نەدەکرد و گۆڤاری "مۆری مەگەزین" ئەوی لە پێرستی دەرهێنەرەکاندا لە دوایین پلەکان دانا؛ بەڵام فیلمەکانی بۆکس دەکرێت بە بەشێک لە نەریتی میلۆدرام بزانین کە لە شانۆی سەردەمی ڤیکتۆریا و ئیدواردەوە بە ئێمە گەیشتووە.گرووپی فیلمسازی بۆکس فیلمگەلێکی پڕقازانج و دڵخواز و سەرقاڵکەریان دروست دەکرد و موریەل بۆکس وەک سیناریۆنووسێکی هەڵکەوتوو و جێمتمانە دەناسرا کە دەرهێنەری بۆ زیاتر لە سی فیلم کرد. وێدەچی بەناوبانگترین فیلمی موریەل بۆکس کە خۆیشی سیناریۆکەی نووسیوە، میلۆدرامێکە لە ژێر ناوی "حەوتەمین پەردە" (١٩٤٥) کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە سەرانسەری دنیا پێشوازی لێکرا و داهاتێکی باشیشی بەدواوە بوو.

لە دەیەی شەستدا ڕێژەی ژنە دەرهێنەرەکان بە قەد ڕێژەی پەنجەکانی دەست بوو (موریەل بۆکس دوایین فیلمی خۆی لە ژێر ناوی **Rattle of a Simple Man** لە ساڵی١٩٦٤ دروست کرد) "مای زێترلینگ" دەورگێڕی بەناوبانگی سویدی لەگەڵ فیلمسازێکی بریتانیاییدا ژیانی هاوسەری پێکهێنا و چەند بەڵگەفیلمی دروست کرد، لەوانە هێرشی بەئەدەبانە (١٩٦٠). هەروەها "جۆن لیتێڵ ڤوود" فیلمی "چۆلەکەکان ناتوانن بچریکێنن" (١٩٦٣) بەرهەم هێنا. لەڕواڵەتدا لەو سەردەمەدا بە بەربڵاوبوون و گەشەکردنی ڕۆڵی ژنان لە پیشەی سینەمای بریتانیادا هیوایەک نەبوو(کە بەداخەوە ڕەوتەکە هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەخۆوە نەبینی).

سەرچاوە:مجلە: فارابی ، تابستان ١٣٧٧ - شمارە ٢٩ ص ٧٨ تا ٨١.

سەرچاوە : ماڵپەڕی هەڵوێست / ڕێکەوتی : ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# بەبۆنەی ساڵوەگەری کارەساتی شەنگال

**ئاشق**

ئەمڕۆ ساڵوەگەڕی کارەساتی "شەنگال" بوو. هەرساتێکی ئەو بیرەوەرییە، دڵۆپەژارێکی تاڵە، دەتکێتە نێو دڵ و مێشک دەتاسێنێ.
تا ئەو کاتەی کورد چارەنووسی خۆی و دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بەدەست خۆیەوە نەبێ، مەترسیی دووپاتبوونەوەی ئەنفال، کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە، قاڕنێ و قەڵاتان، کارەساتی دڵتەزێنی شەنگال و زۆر شتی تاڵ و ناخۆشی دیکەش لە سەر کورد لاناچێ.

---




دەزانی کوردە دوژمن بۆی بڕەخسێ چت بەسەردێنێ
بە جارێ ماف و مێژوو و ناو و ناسنامەت دەفەوتێنێ
دە هەستن ببنە ئەو لافاوە قورسەی کێو لەبن دێنێ
"نەتان‌دیوە کە ڕووباری خوڕێن بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر کاخی زۆرداری دەڕووخێنێ گڕی هەستان"
بە تێکۆشان نەبێ، نابڕێتەوە دەورانی دەرد و ئێش
درەنگە دەست دەنی خەڵکی ستەملێکراو و زەحمەتکێش
دەبێ چۆک دابدا ڕۆژێک لەبەرتان دوژمنی سەرکێش
"هومێدێ بەرمەدەن ڕێگای خەبات بگرن، بڕۆنە پێش
تەماشای خەڵکی تێکۆشەر بە دیکتاتۆری چۆن وەستان"
بەکۆ دەبرێنە ژێر داری نەمان کیژ و کوڕوکاڵم
هەموو دەشت و چیای کێلاین بە تۆپ و بۆمبی ناپاڵم
بەسە تاکەی لە دەست دەم دایک و باب و دۆست و ئاواڵم
"هەتا کەنگێ سیاچاڵی بەسامی دوژمنی زاڵم
پراوپڕ بێ لە ڕۆڵەی گەل، جمەی بێ وا لە دەسبەستان"
گەلۆ کورد بۆ دەبێ هەر دەسبەسەر بێ و بێبەش و داماو
لە ماڵی خۆی، بژی بێ‌دەستەڵات و دیل و دەسبەسراو
لەبەر چی دایکی کورد هەر ملبەکوێن بێ و مات و دڵسووتاو
"هەتا کەی ئەشکی خوینینی کچە کوردی براکوژراو
لە جێی بادەو لەبەزمی دوژمنان بدرێتە دەست مەستان"

چەند برگەیەک لە پێنجخشتەکی(تەخمیس)ی "ئاشق" لە سەر غەزەلی بەناوبانگی "بەهار هەر دێ"ی مامۆستا هێمنی موکوریانیی نەمر.

لە فەیسبووکی مامۆستا ئاشق وەرگیراوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥



## Xermanan ٢٧١٥ خەرمانان

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١ 23 | ٢ 24 | ٣ 25 | ٤ 26 | ٥ 27 | ٦ 28 |
| ٧ 29 | ٨ 30 | ٩ 31 | ١٠ 1 | ١١ 2 | ١٢ 3 | ١٣ 4 |
| ١٤ 5 | ١٥ 6 | ١٦ 7 | ١٧ 8 | ١٨ 9 | ١٩ 10 | ٢٠ 11 |
| ٢١ 12 | ٢٢ 13 | ٢٣ 14 | ٢٤ 15 | ٢٥ 16 | ٢٦ 17 | ٢٧ 18 |
| ٢٨ 19 | ٢٩ 20 | ٣٠ 21 | ٣١ 22 | | | |
| | | | | | | ڕەحمان نەقشی |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : ڕەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca